# فەرمانە

# فەرمانە فەرمانە

كۆژان

ڕەشەبایەکی خوێناوی لە پایتەختەوە هەڵی کرد
بۆنی خوێنی شمشێرەکەی
حەجاجی کوڕی یوسفی لێ هات
بارگاوی بوو بە یاسای کۆن، بڕیاری نوێ
دەبێ خێڵی جنۆکەو خێو لە لەناوبرێ.
هەزارەها بابەکیان کوشت
وانەی کۆیلایەتیان فێرکردین
بیرو هۆش و جەستەو ڕۆحیان ئەنفالکردین.
* * *

ئەی ئەوانەو ئێمەش هەر ئێستا بەناوبردنی هەلبجەو ئەنفال، کسپەی کارەساتێکی بێ وێنە لە جگەرمان هەڵ ئەسێ خەم چارەنووسی نادیاری هەزارەها مرۆڤی کورد توونمان پێ ئەباتەوە بۆ١٢ساڵ پێش ئێستا چونکە ساڵی ١٩٨٨ لەو ساڵە شومەدا بە هەزارەها ڕۆحی فریشتەیی لە کچانی بەمرازنەگەیشتوو لە کوڕانی کاکۆڵ زەرد

لە دایکانی ڕۆڵە کوژراو لە باوکانی بەش مەینەت لە منالە چاو گەشەکانی کوردوستانی تیا تاسێنرا. هێشتا کفنەکەی هەڵەبجە زەرد نەبووبوو، زوخاوێکی خۆڵەمێشی لێ ئەچۆڕا، هێشتا خوێنی هەڵەبجە

چۆڕچۆڕ لە نوکی شمشێری وەچەکانی ئەنفالچیان ئەتکا، هێشتا هاوارونالەو ناسۆری پتر لە٥٠٠٠مرۆڤ عەرشی فەلەکی کەڕئەکرد، بۆ دوبارەو بۆ دەبارەو هەزاربارە خەلگی کوردوستانیان ئەنفالکردین.

لاپەڕەیکی تری ئەتکردنی میللەتێکیان خستە سەر مێژووەکەیان

مێژوومانیان بۆ چەن بارە شەڵاڵی خوێنکرد. بەئاوڕدانەوەیك لەمێژووی لە خەزان چوومان، بێ بەڵگەویستن بەدرێژایی مێژوو گازەرەی پشتمان بەردەبازو پردی پەڕینەوەی دوژمنەکانمان بووە. دەسەڵات ئەو هێزە سەرکوت گەرەبووە کەلە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا ژیانی بە خەلك گەیاندووە بەلام لە پرۆسەی ئەو ژیان پێگەیاندنەدا بنەماکانی بوونە دەولەت ودیاریکردنی قەوارەی میللەتی دەسەڵاتداری دیاریکردوە، بەڵام سەدمەخابن ئێمەی کورد بڕی ئەو زیانانەی لێمان کەوتوە چەن جار بەرامبەر زیانەکانی میللەتانی دەوروبەرمانبووە سەرەڕای ئەوەش نەدەسەڵاتمان بووەو نەدەولەتی سەربەخۆ. چونکە بونیاتمان لەمناڵدانێکی نەخۆشدا گەشەی کردوە، باوکمان واتا دەسەڵات کوژراوەو دایکمان واتا خاکمان بوەتە خێزانی بکوژانی دەسەڵاتمان، بۆیە بەبەراوردکردنێك لەنێوان قۆناغەجیاجیاکانی گەشەی میللەتانی دەورو بەرمان، بۆمان دەرئەکەوێ هەیکەلی جەستەی کورد لەرزۆك بووەوگەشەی ئاسایی خۆی نەکردووە.

دەسەڵاتی دەولەتە یەك لەدوای یەکەکانی میللەتانی دراوسێمان عەرەب فارس تورك پاساوی ئەم بۆچوونە ئەدەن.

سەرەڕای بەئاشکرا بینینی

مۆرکی ئیسلامەتی لە هەریە ك لەودەسەڵاتانە، لەهەمان کاتدا

بەئاشکراترشەقلی میللی بوونی میللەتی دەسەڵاتداریان پێوە

دیاربووە، کوردیش لەم نێوەداجارێ پاسەوانی کۆشك و جارجارەش وەك هەتیوێکی لاسار شەڕی بە باوەپیرەکەی فرۆشتوە. ئەمەوێ بلێم ئەنفالی ١٩٨٨دەرئەنجامی گەورەبوونی خۆزگەی تۆڵە سەندنەوەی ئەو هەتیوە لاسارەبوو کە ئیتر ئێرەیی بە باوەپیرەکەی ئەبرد دەیەوست وەك هەرمندالێکی تر بچێتە ئامێزی گەرمی دایکییەوە کە کوردوستانە، بۆیە دەسەڵات دارانی بەعسی شۆڤێنست هیچ ڕێگایەك نەما نەیگرن بۆ پوکانەوەی خەونە ئەرخەوانیکانی میللەتی کورد، پەرچکردنی لقوپۆپی داری بوونمانی پێ بەس نەبوو بەعەرەبکردن و کۆچ و ڕەوپێکردن وکیمیاوی و ئەنفالکردنی کردە خوێواوو دەیەوست ئەم جارە لە ڕەگەوە سەرچاوەکەمان ووشك پێ بکات بۆ دواجار مالئاوایی لەبوونمان بکەین، بۆیە سوپایەکی پڕچەك و تێکەڵ بە پاسەوانانی کۆشك وەك ڕەوەکوللەیکی برسی باوەڕیان کردە شمشێرو سەری پارچەیەك لە کوردوستانیان پێ بڕی، کانیاوی عەشق و

خۆشەویستیان کوێرکردەوە، هەناسەیان لە ژیان بڕی چی حەزو ئارەزوو تاسەو ئاواتی ئەنفالکراوان بوو لەگۆڕستانی غەریبیدا نێژران.
ئەی ئەو کەسانەی لێوی هەڵپڕوکاوو تەرەکیوو شەقارشەقاربووتان بە خۆلی غەریبستانی
چۆڵایکانی وولاتی لم داپۆشرا
هۆ دایکەکەم، هو باوکەکەم
هۆ براکەم، هۆخوشکەکەم
هۆ کۆرپەلەچاوگەشەکەم
ئەی ئەو کەسانەی تاکە تاوانتان ئەوەبوو کوردی لادێ نشین بوون دەردی مەویسیکەتان
لە گیانم کەوێ قیژەو هاواری بێکەسیکەتان لە چاوم کەوێ چرکە ساتی ئەو چاوەڕێیوونتان لە کاتی هەلکەندنی گۆڕی بە کۆمەڵتانە لەسەرم کەوێ
پۆستال ڕەشێك
بە دەستێکی مێژووی عەرەبی هەلگرتبوو
دەسێ تری لەناو سنگی کچۆلەیکی گەرمیاندا بوو
کچۆلەکە هاواری کرد
برای عەرەبی چاوڕەشم
مارەبڕی کوڕی مامم
چاوە ڕێمە
واگوێم لێیە لەئەو دیوی یالەکەوە
شمشاڵی خۆشەویستیم بۆ ئەژەنێ
******
پیرە پیاوێك لە چۆڵەوانی عەرعەردا
بڕیاری دا ئیتر دەست نوێژ بە ئاو نەگرێ
ئاگری کردە ئاو
بۆدادانی تەلقینی ئێسك و پروسکی
ئەو منالەی
سەگەکانی عەجاجی کوڕی باپیری لەت لەتیانکرد

٢٠٠٠-٤-٤
ئاڕنهێم-هۆڵندا

www.kurdistannet.org کوردستان نێت